# حزبی کوردی لە نێوان تەلیسمی عیراقچێتی و بازنەی کوردبوون دا

**نوری بێخاڵی**

دیارە کوردبوون رێکەوت و روداوێکی راگوزەر نییە لە دەرەوەی جەدەلی بە کۆمەڵگایی بوون و دەرهاویشتەکانی ژینگە و باکگراوندی ( مێژوویی — کۆمەڵایەتی — جوگرافی) ، هاوکات ئەو شوناسە هەروا لە هیچەوە بە ئێمە نەبڕاوە ، مانەوەی وێنا جۆراوجۆرەکانیشی لە خەیاڵدانی ئێمەدا بێ پاساو نییە . بەمانایەکی تر کوردبوون دیاردەیەك نییە لە دەرەوەی مێژوو کە بتوانین وا بەئاسانی خۆمانی لێ ببوێرین .

کوردبوون بۆ ئێمە بەدرێژایی دیرۆك و بەکۆی هەڵبەز و دابەزەکانییەوە و ئێستاشی لەگەڵ دابێت ، ئەو چوارچێوەیەیە کە بوون و سەروەریمانی تێدا پاوێزراوە ، کلاۆڕۆژنەیەکە تێیدا تیشکی ئومێد و گەشبینییەك بەسەر ئاسۆی ئایندە و چارەنوس و مانەوەماندا پەخش دەبێت . کەواتە کوردبوون بەهایەکی گرنگە و دەستبەرداربوونی نەك هەر ئاسان نییە ، بەڵکو پێویستە پابەندی و پەیوەستیمان بەو ئینتیمایە و دەستگرتنمان بەو بەهایە لە توێی پرۆژەگەلی مەعریفی و فیکرییەوە قوڵتر بکەینەوە و بەهۆیەوە مانا و سەنگ و شوناسی راستەقینەی بۆ بگەڕێنینەوە ، هەروا ئەو ئینتیمایە لەلایەنی جۆش و خرۆش و سۆزەوە بگۆڕین بۆ پرۆسەیەکی هوشیاری ئاگایانە لە بونیادی بیرکردنەوە و رەفتارماندا و بنەما و بەهاکانی لەکۆنەستماندا جێگیر بکەین...وەك ئەوەی پێویستیش دەکات کار لەسەر هەموو ئەو وێنانەی یادەوەری و خەیاڵدانی مێژوویی و ئەفسانەیی ئەو شوناسەمان بکەین و لەباری مەعنەوییەوە بیانگوازینەوە بۆ بارێکی ماددی ( بەمانا فیکری و مەعریفییەکەی) ، تاکو لەرێگەیەوە ئینتیمامان بۆی ببێتە بەشێك لە ستراکتۆری ( کۆمەڵایەتی — سیاسی) کۆمەڵگا و رەفتاری تاك .

بەهەڵە تێگەیشتوین ئەگەر پێمان وابێت تەوژمی جیهانگیری دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا تایبەتمەندییەکانی شوناس و خەسڵەتە نەتەوەییەکانمان بەیەکجاری لەبەردابماڵێ ، بەپێچەوانەوە ئەو شەپۆلە ئەگەر لەسەر چەند ئاستێکدا وامان لێبکات هەندێ لە تایبەتمەندی و ئینتماکانمان بخەینە پەراوێز و ناچارمان بکات خۆمان بەبەشێك لەو جیهانە بچوککراوەی بەرهەمی ئەو بزانین ، بەڵام ئەوەندە ورەنگە زیاتریش بەجۆرێك لە جۆرەکان ، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ناچارمان بکات بۆ دەستگرتن بەو شوناسە و قوڵکردنەوەی پابەندی بەو ئینتیمایە و هەستکردن بەبەرپرسیارێتی لە ئاستیدا ، بەڵام بە فۆڕمێکی جیاوازو بەهەناسە و دنیابینی و میکانیزمی جیاواز لە پرۆسە و ئەزموونە مێژووییەکانی گەلانی دونیا...فۆڕمێك کە لە ئاستی گوتار و هەڵوێست و پراکتیکدا ئەرك و شێوازەکانی خەباتمان لە نۆرمێکی دیاریکراو بۆ نۆرمێکی تر بگۆڕێ ، گۆڕینێك لەسەر ئاستی تاکتیك و جێگیر و نەگۆڕ لە ئاستی ستراتیژدا .

کەواتە بۆ ئێمەی کورد کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی رزگاری نیشتمانی داین و بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆسەیە هەنگاوی ترمان لەبەردەم ماوە ، چەندە دوور دەڕۆین و بەهەڵەدا دەچین لەم شێوە فۆڕماڵیزەییەی راڤەکردنی چەمکی گلۆبالیزەیشن ، بەقەد ئەوە و زیاتریش کاریگەری نێگەتیڤ و ناتەندروستمان دەبێت لەسەر شێواندن و کوێرکردنی هوشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردی و جۆرێکە لە خیانەت کە لە بەرامبەر ویژدان و یادەوەرییماندا دەیکەین .

لەم روانگەیەوە و لەو قۆناغەی کە ئێستا کورد تێیدا دەژیێت ، ئەو هێز و کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە گرەوی متمانەی کورد و ئاییندەی کوردستان دەباتەوە ، ئەو هێز و کایەیە کە تێکۆشان و هەوڵەکانی خۆی چڕدەکاتەوە لە پێناو دۆزینەوەی سەرلەنوێی شوناسی کوردبوون و دەستگرتن پێوەی وپاراستنی ، پێچەوانەکەی هەر هێزێك و بەهەر پاساوێکەوە بێت و خۆی لە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی بەرگریکردن لەو شوناسە و تۆخکردنەوەی ئەو ئینتمایە بدزێتەوە و بەناوی سیاسەتکردن و گەمەکردن بە چەمکەکان ئیش لەسەر کاڵکردنەوەی ئەو ئینتیمایە بکات و قەدەرمان بداتەوە دەست ئینتیماگەلێك کە لە سایەیاندا ئەو شوناسەمان لەدەست بدەین ، یان بەشێوەیەك لە شێوەکان و لە پێناو بەرژەوەندییەکی هەنوکەیی تەسك ئەو ئینتیما و شوناسەمان لەبۆتەی ئینتیما و شوناسی دیکەدا بتوێنێتەوە ، ئەوا پێویستە لە ئاست ئەو هێزەدا هەڵوەستەیەك بکەین و کۆی کارو هەنگا و بەرنامە و بیرکردنەوەکانی بخەینە بەردەم پرسیار و گومان .

لێرەوەیە کە هیچ کاتێك عیراقیبوون بۆ کوردێك مانای نییە و دڵنیایی پێ نابەخشێت ، بگرە لەوەش زیاتر چەمکی عیراقچێتی و بەعیراقیکردنەوەی دۆزی کورد و نیشتمانەکەی جارێکی تر شوناس و بوون و مانەوەمان دەداتەوە دەست مەترسی و ئەگەری چاوەڕوانکراوی (ئەگەر نەڵێین حەتمی) کوشتن و سڕینەوە کە بەشێکە لە ستراکتۆری عروبە.... بەگەڕانەوەشمان بۆ ئەزموونەکانی مێژوو لەگەڵ ئەو کلتورە و ئەو بەهاو پرەنسیپە جێگیرانەی کە عروبە لەو سەردەمی کرانەوە و گۆڕانکارییانەدا دەستبەرداریان نەبووە ، وادەکات بڵێین کە نابێ ئیدی کورد و نێوەند و کایە سیاسییەکەی وا بەخاکی و سادەیی و خۆشباوەڕی بکەونەوە ژێر کاریگەری چەمکگەلی وەك ( برایەتی و تەبایی و بەیەکەوەژیان ) ، بە تایبەتی لەتەك کلتوری بیاباندا کە لێوانلێوە لە هەناسەی شەڕانگێزی و رۆحی مەرگدۆستی ...کلتورێك برایەتی وەك برا گەورە ، تەبایی وەك خۆبەکەمزانین و تەنازول ، بەیەکەوەژیانی وەك توانەوە لە بۆتەی ئەودا لەگەڵ بەرامبەرکانیدا قەبوڵە.

چ کارەسات و گاڵتەجاڕی و گەمەکردنێکە بە هەست و عەقڵ و ئیرادە و چارەنوسی خەڵك ، کاتێك هێزێك ، یان کایە و سەرکردایەتییەکی سیاسی کوردی پێی وابێت عیراقی نوێ بە دڵی کورد بونیاددەنرێتەوە و دادەمەزرێ و ئەو فاکتەری بەستینەوەی پارچەکانیەتی...پارچەبوونێك کە ئیدی هیچ تەلیسمێك ناتوانێ بەیەکەوە گرێیان بداتەوە و بەردوامی بە مانەوەی یەکپارچەییان بدات...پارچەبوونێك کە بنەما و بەنەڕەتەکانی (مێژوویی — جوگرافی — کلتوری) ن و مێژووییەك لە چەوساندنەوە و شوفینییەتی بەرهەم هێناوە .

هەر لەم دیدگایەوە ئەگەر عیراقچێتی و شانازیکردن بە عیراقیبوون بۆ کوردێکی سادە و ساویلکە کاڵفامی بێت ، ئەوا بەڕاشکاوی و بێ دوو دڵی دەیڵێین کە ئەم جۆرە بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتنە بۆ هێز و کایە و سەرکردایەتییەکی سیاسی ئەوپەڕی گەمژەییە ، بەتایبەتی هێز و سیاسەتێك کە لە تەماسی راستەوخۆدابێت لەگەڵ هێز و کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییە عەرەبییەکانی عیراق و لە نزیکەوە ئاگادار و شارەزای هەڵوێستیان بێت بەرامبەر کورد و نیشتمانەکەی ، کە زۆر بە ئاشکرایی هەست بە مەترسی دووبارە هەژموونکردنی شۆفینییانەیان لێدەکرێت لەسەر هەردوو ئاستی (نەتەوەیی — ئایینی) . هەر هەوڵێکی لەم چەشنەی هەر هێزێك لەدەست دانی کات و دەرفەت و گاڵتەکردنە بە چارەنوسی خەڵکی کورد و کاوێژکردنە لەسەر قوربانییەکانی و درێژەدانە بە لۆژێکی هەلپەرستانەی ( لێدانی ناڵ و بزمار) ، بەمەبەستی بەردەوامی دان بە هەلومەرجی مشەخۆرانە ... هەر هەنگاوێکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەر هێز و کایەیەکی کوردی بۆ بە عیراقیکردنەوەی کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد ، هەولێکی راستەوخۆیە بۆ لەبەها کەمکردنەوەی‌شوناس و ئینتمای کوردبوون ، هەوڵێکە بۆ کوشتنی ئیرادەی کوردانە و کوردستانییانەی خەڵك ...گەمەیەکی تری حزبی کوردییە تا لەڕێگەیەوە بڕوا بە کۆمەڵگای کوردی بهێنێت کە دان بە قەدەری چوونەوە باوەشی عیراق بنێت و رازی بێت بەو قەدەرەی کە چەندە دەرهاویشتەی پیلانگێڕییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و پرۆسەکانی داگیرکارییە ، هێندە و زیاتریش زادە و بەرهەمی خودی گوتار و هەڵوێست و سیاسەتەکانی حزبی کوردییە ، ئەو گەمەیەش بۆ ئەوە دەکات چونکە لە بنەڕتدا ئەو حزبە توانای خۆنوێکردنەوە و داڕشتنەوە و بەرهەمهێنانەوەی تاکتیکی نوێ نییە ، ئەوە ئەگە واز لەو راستییە بێنین کە هەڵگری گوتارو ستراتیژییەتێکی درێژ خایەنی نەتەوەیی نییە .

دیارە لەو حاڵەتە و ئەو هەلومەرجە سیاسیەی ئێستای عیراقیش باشترین دەرفەتە تا بە هۆیەوە حزبێك کە رەنگە لەسەردەمێکدا لەبەر ئەمنی حزب (نەك نەتەوەیی) گەورەترین شەڕی رەوتی عیراقچێتی کردبێت خۆی لە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانی بدزێتەوە و ئاڵای پاسیڤ بوون بەرزبکاتەوە و بەشێوەیەك لە شێوەکان و لە رێگای ئاماژە و گەمەکردن بە وشە و چەمکەکان و تەئویلکردنی حزبییانەی رووداو و پێشهاتە سیاسییەکان بڵێت ئەرکەکانم لێرە تەواو بوون ، ئاخر جەختکردنەوە لەسەر چەمکی عیراقچێتی لەنەتوانینی هەڵکردنی حزب لەتەك رووداوەکان و نەبوونی ستراتیژییەتێکی نەتەوەیی بترازێ چیتر دەگەیەنێت ؟!